www.kurdistannet.org

# میری قەڵەمفرۆشان

حەمەسەعید حەسەن

کە سەددام حسین بەهاری ١٩٨٣ سەردانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەکا و بۆ نووسەرانی کوردی بەغدانشین دەپەیڤێ، سەلاح شوان هێندە جێی متمانەی سەرۆک دەبێ، لە نێو ئەو هەموو بەعسی و قەڵەمفرۆشانەی پایتەختدا، ئەو و موسلیح جەلالی لە تەنیشت خۆیەوە دادەنێ.(١)

جارێ بەرپرسی شوعبەیەکی بەعس، بە حزووری سەددام دەست دەبا قەڵەمەکەی لە گیرفانی دەربهێنێ، پاسەوانێک گومانی لێ دەکات، پێش ئەوەی قەڵەمەکەی دەربهێنێ، بە دەستڕێژێک رۆحی دەردەهێنێ. ئەو رووداوەم بۆیە گێڕایەوە، تا خوێنەر بزانێ سەلاح کە لەسەر هەمان مێز لەگەڵ دیکتاتۆردا دانیشتووە، چەند جێی متمانەی سەرسەختترین دوژمنی گەلەکەمان بووە.

هاوینی ١٩٨٣ دوای هێرشێکی ئێران بۆ ناوچەی حاجی هۆمەران، بەعس لە ئۆردووگای قوشتەپە هەشت هەزار بارزانیی سیڤیل دەگرێت و سەددام گوتەنی رەوانەی دۆزەخیان دەکا. سەلاح لە ئۆرگانی بەعس و لە ٣١ی تەمموزدا کە رەشترین رۆژە لە مێژووی کورددا، ئاخر بەعس لەو رۆژەدا دەسەڵاتی خۆی سەپاند، قەلاچۆکردنی بارزانییەکان بەرز دەنرخێنێت و پدک بە تاقمێکی بەکرێگیراوی نەفرەتلێکراو لە قەڵەم دەدات و بە ناوی رۆشنبیرانی کوردەوە پیرۆزبایی لە سەرۆکی عێراق دەکا.(٢)

کە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتا سەلاح شوان بە هاوکاریی عەبدوڵلا عەباس و عەبدولوەهاب تاڵەبانی، هەفتەنامەی ‹ئاسۆ›یان لەسەر خواستی موخابەرات لە بەغدا دەردەکرد، ئەو وەختە ئاسۆ بە ‹کۆسرەت رەسووڵ›ی دەگوت: عەبە چاوچنۆک، کەچی هەنووکە سەلاح خۆی بە هەواداری ینک دەناسێنێ!

ئاسۆ ساتیرەشیعرێکی منی کە تێیدا رەخنەم لە سەرانی ینک گرتبوو، گوایە بۆم ناردووە، بڵاو کردبووەوە. نازانم چۆن ئەو شیعرەی من گەیشتبووە ئەوێ، لێ من هەرگیز لە بڵاوکراوەی رووزەردی سەر بە دوژمنی داگیرکەردا، رەخنەم لە لایەنە کوردییەکان نەگرتووە؛ ئەمە بێجگە لەوەی چەندان ساڵ پێش نووسینی ئەو هۆنراوەیە، ناوم لە لیستی رەشی رژێمدا بوو.

سەلاح چونکە رەفیق حیزبییەکی دێرین و بە توانا بوو، پێی وابوو، ‹هەقیشی بوو،› دەبێ لەو برە پارەیەی موخابەرات بۆ ئاسۆی تەرخان کردبوو، بەشی شێری پێ ببڕێت و وەهاب و عەبدوڵڵاش دەیانویست وەک برا بەش بکرێ، بۆیە نێوانیان تێکچوو.

سەردەمی بای مەرگ و ئەنفال سەلاح شوان سەرۆکی ئەو یەکێتییە کارتۆنییەی ئەدیبان و نووسەران بوو، کە رژێم کوردە بەعسی و قەڵەمفرۆشەکانی تێدا کۆ کردبووەوە. ئەو هیچ بۆنەیەکی لە کیس خۆی نەدەدا و بەردەوام بروسکەی پیرۆزبایی بۆ جەللادی گەلەکەمان دەنارد و سەرسەختانە قەڵەمەکەی لە خزمەتی ئەنفالکردنی کولتووری کورددا خستبووە گەڕ.

کە ئەنجوومەنی هاوکاریی عەرەبی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩دا لە نێوان عێراق، میسر، ئەردەن و یەمەنی باکووردا پێک دێت، سەلاح بە ناوی ئەدیبان و نووسەرانی کوردەوە! پیرۆزبایی بۆ ‹خۆی گوتەنی›

www.kurdistannet.org

سەرۆکی تێکۆشەر و لێهاتوو دەنێرێت و دڵخۆشی خۆی بە بۆنەی پتەوبوونی باسکی عێراقەوە دەردەبڕێت و ئاوات دەخوازێ بازووی بەعس پتەوتریش ببێت.(۳) بەعس لە شەڕی ئێران ڕزگاری دەبێ، کوردستان خاپوور و کوردیش کیمیاباران و ئەنفال دەکا، کەچی سەلاح بە هێندەش قایل نابێت و خەون بە بەهێزتربوونی ڕژێمی داگیرکەرەوە دەبینێ.
یەک و یەک دوای ڕاپەڕین، بۆ خڕکردنەوەی زۆرترین دەنگ، دەرگای ئامێزیان بە ڕووی بەعسییە کوردەکاندا دەکەنەوە. چونکە لە جیهانی بۆگەنی گەڕان بە دوای بەرژەوەندییە تەسکە حیزبییەکاندا، هیچ هێڵێکی سوور نییە، ئەو کارەی ئەو دوو نەیارەش شتێکی سەیر نییە، ئەوە سەیرە ئەو بەعسییە کوردانە پێیان وابێ، تەنیا بەوەی فڵان لایەن ئاوڕێکی خێری لێ داونەتەوە، ئیدی ڕابردووی تاریکیان، ڕۆشن بووەتەوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە سەباح ڕەنجدەر، بۆ ‹دەوڵەمەندکردنی!› باسەکەی هانا بۆ شیعری بەعسییەکی ناسراوی وەک سەلاح شوان دەبا!(٤)
ڕۆژنامە چۆن دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، کە بەشێکی گرنگ لەوانەی تێیدا بنووسن، هەر ئەوانە بن، کە چالاکانە بەشدارییان لە ئەنفالکردنی ئەدەب و کولتووری گەلەکەماندا کردبێ! قەڵەمفرۆشان چۆن بتوانن هێزێکی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی پێک بهێنن و بەشداری لە بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکەن، کە ئاواتی بەرزیان ئەوەبێ، بە گۆرانی هەڵگوتن بە باڵای دەسەڵاتدارانی نوێدا، ڕابردووی ڕەشیان سپی بکەنەوە.
شێرکۆ بێکەسی شاعیر کە یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیریی ڕژێمی هەرێمی کوردستان دەبێ؛ چونکە وەزارەتەکەی تژی دەبێ لە بەعسی، زێتر لە پەنجا نووسەری ڕابردووخاوێنی سلێمانی، بە یادداشتنامەیەک داوای پاکسازیی لێ دەکەن،(٥) وەلێ سەرچاوەی ئاوەکە هێندە لێڵ دەبێ، ڕۆشنکردنەوەی لەسەروو توانای وەزیری شاعیرەوە دەبێ.
ئەوانەی ماڵیان لە شووشە بێت، شەڕە بەرد ناکەن، کە ڕابردووپۆخڵێک شەڕەبەرد دەست پێ دەکا، دەشێ بە زەبری پیری، تیغی بیری کول بووبێت و ڕابردووی بێ ترووسکەی خۆی لە یاد چووبێتەوە.

2002. 04. 28

(١) ژمارە ٨٦ی گۆڤاری (بەیان) ئایاری ١٩٨٣ بەغدا

(٢) ڕۆژنامەی (الثورە) ئۆرگانی بەعس، یەکشەممە ٣١ی تەمموزی ١٩٨٣ ژمارە: ٤٨٢٢

(٣) ڕۆژنامەی العراق ١٩٨٩/٢/٢٦

(٤) بە ماناکردنی سرووش لە شیعردا، سەباح ڕەنجدەر، ڕامان ژمارە ٦٩ ل ٥٧ ئاداری ٢٠٠٢ دەزگای گوڵان، هەولێر.

(٥) پاکسازیی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی، گۆڤاری خەرمانە، ژمارە (٩ و ١٠) ل ١١ سوید ١٩٩٣